# جگەرەکێشان دەبێتە هۆی شکاوی ئێسك

**ئەنجامی ئامارێکی سوێدی کە لە نەخۆشخانەی ئاکادیمیای شاری ئۆپسالا ئەنجامدراوە، رۆژنامەی** Upsala Nya Tidning **لە مەڕ ئامارەکەوە نوسیوەیەتی کە :**

**زۆرجاران هۆی (نزیکەی نیوەی) شکاوی ئێسکی پیاوی گەورەسالأن دەگەڕێتەوە بۆ جگەرەکێشان . ئامارەکە 2300 پیاوی لە خۆگرتبوو ، تەمەنیان لە نێوان 50-77 سالأندا بووەو ناوبەناو بە مەبەستی کۆنترۆڵی باری تەندروستییان سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە . پسپۆرانی بەشی شکاوی و ئێسك دەبێژن کە ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم 10 ساڵەی دووایی ئاماژە دەکەن کە هۆی نزیکەی نیوەی سەرجەمی ئەو شکاویانەیە کە تووشی گەورەسالأن بووە دەگەڕێتەوە بۆ جگەرەکێشان .**

**مەترسی شکاوی لە پیاوی جگەرەکێشدا 3جاران زێدەترە وەك لە کەسانی دی و ناسراوترین جۆری شکاویش بریتییە لە شکاوی ئێسکی رانەکان .**

**سەرچاوە**

1. www.dagensmedicin.se © 050701 09:45.